مەسرور بارزانی و قوباد تاڵەبانی لەگەڵ بەرپرسە حکومیەکانی وڵاتی ئیمارات کۆبوونەوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان، لەچوارچێوەی بەشداریکردنی لە لوتکەی جیهانیی حکومەتەکان لە شاری دوبەی لە وڵاتی ئیمارات لەسەیەم ڕۆژیدا، لەگەڵ شێخ سەیف بن زاید ئال نەهیان، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆی ئیمارات کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت ئامادەی بوو، بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەت، هەردوولا جەختیان لە پتەوکردنی پێوەندیی دۆستانەی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیمارات لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا کردەوە.